# ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

لــە ڕۆژانــی 2002/3/27/26/25دا کۆبوونەوەی کۆمیتەی نـاوەندی حزبـی شیوعی کوردسـتان- عـێراق لـە هـەولێری پایتــەخت پێکهات.

کۆبوونەوەکە بە ڕاوەستان دەقیقەیەك ماتـەم بۆ گیانی شەهیدانی حزبو گەل دەست پێکرا.

لـەم کۆبوونەوەیـەدا بەشـێوەیەکی تـێروپڕ هەلومـەرجی ئـەمڕۆی بـاری سیاسـی عـێراقو کوردستانو ناوچەکەو جیهان خرایە بـەر بـاسو لێکۆڵینەوەو لەم بارەیەوە گفتوگۆ لە سـەر ئـەو ڕاپۆرتە سیاسییە کرا کە لــە لایـەن مەکتـەبی سیاسییەوە خرایە پێش کۆبوونەوەکە.

ڕاپۆرتەکـە ئامـاژەی بـۆ ئـەوەکردبوو کــە کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندی لە کاتێکدایـە کە لــە مێـژووی هاوچـەرخی مرۆڤایـەتیدا لــە هـەموو کـاتێکی ڕابـردوو ئـاڵۆزترو پـڕ لــە تەنگوچەڵەمــەترەو لــە هــەموو بوارێکــی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتیداو نیشتمانیدا بارێکی نائاسایی خوڵقاوەو کاریشی کردۆتە سەر تەواوی گەلانو وڵاتانی دنیا کە بە قۆناغی دوای "11" ئەیلولی 2001 ناو دەبـرێ، قۆنـاغی "لابردنـی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانو لێدانو نەهێشتنی کانگـا تیرۆریستەکانی جیهان"وهـەوڵو تەقـەلای وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکایـە بـۆ خۆسـەپاندنی سـوپایيو سیاسـیو ئـابووریو دەسـەڵاتگرتنی یەکجەمســەریی خـۆی بـە سـەر بـەڕێوەبردنی کاروباری هـەموو دنیـاداو، لاف لێدانـی چـاری گیروگرفتەکانی دنیاو ڕێبەرایەتی کردنـی بـەرەو "دنیــای خۆشــگوزەرانيو ئاسـایش، دنیــای دیموکراسـیو مافـەکانی مـرۆڤو ئاشـتیو یەکسانی "وەك خۆیان دەبنو، کـە دەیـان سـاڵە نەیاتوانیوە ئەو خۆسەپاندنە بێننەدیو ئێسـتاش دەیانـەوێ بـە کـەڵك وەرگرتـن لـە ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ئەیلول دەسـەڵاتی خۆیان بـە سەر تـەواوی سیاسـەتو پەیوەندییـەکانی نێـو دەوڵەتانو چارەنووسی گەلانو سەر بازاڕی دنیادا بسـەپێنن تـا ڕژێمـە سـەرمایەدارییەکەیان لـە تەنگوچەڵەمەو ناکۆییەکانی دەرباز بکەن.

هەر لەم گۆشەیەوە باسی شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان کرا کە بە ناوی شەڕ لە دژی تیرۆرەوە بە تازەترین تەکنەلۆژیای جەنگی پەلاماری ئـەو وڵاتەی داو، دەیەوێ قۆناغی دووەمـی شـەڕەکەی پـەلاماردانی عـێراق بـێو ئـا لـێرەوە عـێراق کەوتۆتە بەر مەترسی شەڕێکی گـەورەی تێكو پێکدەر گوایە بـۆ گۆڕینـی ڕژێمـی دیکتـاتۆری عێراق بە ڕژێمێکـی "دیموکراسـی". بێگومـان شەڕێکی تێکوپێکدەری وا لە سەرەتاوە هـەموو ئەنجامەکانی دیاری ناکرێ کە ئاخۆ بـەرەو کـوێ دەچـێو دەبێتــە هــۆی چ جــۆرە کارەســاتو وێرانکـاریو مەترسییەکی گـەورە بــۆ گـەلی عێراقو گەلی کوردستانو گەلانی ناوچەکە.

کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی نــاوەندی دوای لێکۆڵینەوەی تیرو پـڕی ئەگـەرەکانی شـەڕ بـە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنی کە ئێمە دژی بەرپاکردنی شــەڕینو نامانــەوێ تــەڕو وشــك پێکــەوە بسووتێندرێ.

گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتۆری بــەغدا ئـەرکی گەلی عێراقو حزبو هێزە بەرهەڵستکارەکانێتی کە دەکـرێ هاوکـاریی ڕاسـتەقینە بکرێـنو بـە خـەباتی یـەکگرتووی تـەواوی حـزبو هـێزە نیشـتمانپەروەرەکانو گــەلی عــێراقو گــەلی کوردستان ئەو ئامانجە بهێنرێتە دیو ڕووبەڕووی هەموو ئەگەرەکانی هەلومەرجی ئـایندەی دوای شەڕێکی وەك ئـەوەی ئـەمریکا مەبەسـتێتی، وا دەخوازێ هەموو هێزە ڕەسەنەکانی کوردستان پتر لێك نزیك ببنەوەو، کۆسپەکانی ڕێگەی ئاشتیو ئاشتبوونەوەی گشتی تـەخت بکرێـنو ڕەوتـی ڕووداوەکـان بـۆ بـەرژەوەندی مەسـەلەی ڕەوای گەلەکەمانو چاوی ئاشتییانەی لە سەر بنـەمای دیموکراسیو فرە حزبی لە عێراقێکی فیدراڵیدا، سوودیان لێ وەربگیرێت، مەرجی ئەم ئامانجەشمان یەکخستنەوەو ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردستانمانە بـە زیندووکردنـەوەی بـەرەی کوردسـتانی بـە بەرنامەیـەکی تـازەوە، یـان بـە دامــەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی نوێو یەکخستنی گوتاری سیاسـیمانە بـۆ ڕزگـاربوونی گـەلی عـێراقو کوردســتانو دوورخســتنەوەی لــە شــەڕو مەینەتەکانیو ئەو هەموو ئامـانجو ئەرکانـەش بـەبێ بەشـداری نوێنــەرانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لە حکومـەتی ئایندەی عێراقدا جێبەجێ نـاکرێ، بـە تایبـەتی چەسـپاندنی دیموکراسـیو چارەســەرکردنی مەسـەلەی کوردستانو هێنانـەدی تـەباییو برایەتی لە نێوان گەلانی عێراقدا.

بەشدارانی کۆبوونەوەکـە لـەو توێژینەوانـە وردبوونەوە کە پێدەچـێ وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ناوی شەڕ لـە دژی تـیرۆرەوە، ئـەم شـەڕەی بکـاتو گـەلانی عـێراق بخاتـە بـەردەم گەورەترین مەترسییەوە، کە بێگومان سیاسەتو پلانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا، بە درێژایی ئـەم سـاڵانە ڕەوتـی ڕووداوەکانیـان بـەرەو ئـەم ئامانجانەی دوژمنانی گەلو نیشتمان ڕاکێشـاوەو هەر بە سەرهاتو لێقەومانێکیش تووشی وڵاتـی عێراقو کوردستان بێ، بەرپرسـی سـەرەکی لـە ئەستۆی ئەوانـە. ئـەو ڕژێمـەی جێگـەی ڕژێمـە دیکتاتۆرەکەی سەدام دەگرێتەوە، دەبێ ڕژێمێکـی دیموکراسیو فرە حزبی فیدراڵی بێ کە لــە سـەر بنەمای ژیانی دەسـتوریو پەرلـەمانی ئازادانـە کاروباری نێوان حکومـەتی نـاوەندیو هـەرێمی کوردستان ڕێکبخاتو تـەواوی مـافو ئازادییـە دیموکراسییەکانی گـەل دابین بکـاتو مافـە نەتەوەییو ڕەواکانی گـەلی کوردستانو هـەموو نەتــەوەکان دەســتەبەر بکـاتو لێبوردنــی کۆمەڵایـەتیو مافـەکانی مـرۆڤو تـەواوی مەرجەکانی پێکەوە ژیانی گـەلانی عـێراق لـە سـایەی ڕژێمـی فیدراڵیـدا مسـۆگەر بکـــات، ئەمانەو هێنانەدی ئەمانجەکانی دیکـەی بزاڤـی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە سـەر کۆششو ئامادەباشیو چالاکی گشت لایەنـە نیشـتمانیو دیموکراسـییەکانی گەلەکـەمان وەسـتاوە کـە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە درێـژی باسـی کردن.

کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی نـاوەندی لـە سەر ئەو ڕووداوە ڕاوەستا کە لە ڕۆژی نـەورۆزدا، ڕێکەوتی 2002/3/21 فڕۆکە جەنگییـەکانی تورکیا ئاهەنگی نەورۆزیان لـە چیـای قـەندیل بۆردوومان کردووەو زیانی گیانیو ماڵییـان بـە خەڵکی کورد گەیاندووە، ئەمـەش بـە بیـانووی بوونی PKK لە چیـای قـەندیل، کۆبوونەوەکـە پڕۆتێستو بێزاریی لـە دژی ئـەم دەستدرێژییە دەربڕی کە ژێر پێخستنی سەروەری وڵاتەکەمانەو لەگەڵ پەیوەندی دراوسێتیو دەسـتوەرنەدان لـە کاروباری ناوخۆو لەگەڵ سادەترین مافی مرۆڤو یاسایەکانی نێو دەوڵەتان یەك ناگرێتەوە.

هــەروا لــە کۆبوونەوەکــەدا ڕاپۆرتــی ڕێکوپێکـیو ڕاپۆرتـی کاروبــاری ڕێکخـراوە پیشەییو دیموکراسییەکانو ڕاپۆرتـی فیکـریو کاروبـاری ڕاگـەیاندنو هـەندێ خـاڵی دیکـەی باسکردنو کاروباری پێکهێنانی کۆنگرەی حـزب لـە مــاوەی دیــاریکراودا خرانــە بــەرباسو لێکۆڵینەوەو بە چــەندان پێشـنیارو ڕاسـپاردەو بڕیار دەوڵەمەند کران.

شایانی باسە هاوڕێ حەمید مەجید موسـا سـکرتێری کۆمیتـەی نـاوەندی حزبـی شیوعی عێراقو هاوڕێ عەزیز محەمەد لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون.

**هەولێر** 2002/3/28

**کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی شیوعی کوردستان - عێراق**

# بەیاننامەی حزبی شیوعی کوردستان..... پاشماوە

بە هەرحاڵ بەرژەوەندی نیشتمانی گەلەکـەمانو مەسـەلە ڕەوایەکـەی لـە هێنانـەدی ئاشتیو دیموکراسـیداو بنیاتنـانی دوارۆژو بـەرەو پێشـچوونی ئازادانەیو، پێداویستی پارێزگاریو پاراستنیان، پێوانەی سەرەکین بۆ هەڵسوڕان لە ئاست ئەو گەردەلوولانەی دنیایان داگرتووەو، ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەری گلۆبالیزمو هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی بە مەبەستی دەسـەڵاتدارییو بـەرژەوەندی سەرمایەی ئەمریکایی سنوور بەزێن، یان بە ناوی "جـەنگی جیهانی لـە دژی تـیرۆر"و دارشـتنە نوێیـەکانی بـۆ سـەر لـە نـوێ دابەشـکردنەوەی جیهـانو نەخشەکێشانەوەی جیوسیاسی بە جۆرێك دەسـەڵاتی یـەك جەمسـەری لـە نـاو دەوڵەتاندا جێگیر بکات.

ڕێگەی کۆتایی هێنانی تەنگوچەڵەمەی پەرەسەندووی نیشتمانەکەمان لـە ڕەگو ڕیشەوەو، لە جەنگێکی نوێی تێکوپێکدەرو مسۆگەر کردنی ڕێو شوێنی پێشکەوتنو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتو پێکهێنانی دیموکراتیـەت هـەر ڕامـاڵینی ڕژێمی دیکتاتۆریی فەرمانڕەوایە.

جا ئەم ئەرکە ستراتیژییە گەورەو گرانو ئاڵۆزو پیرۆزە، پێش هەموو شـتێك دەکەوێتە سەرشانی کۆمەڵانی خەڵکی گەلەکەمانو هێزە چەکدارەکانیو، سـەر هێزە نیشتمانییە بەرهەڵستکارەکانی.

لـە ڕۆژانــی ئێســتاماندا یـەکێتی هــێزە نیشــتمانیو دیموکراســیو ئیسلامییەکان بۆتــە ئامــانجێکی مێژوویـی کـە نـاکرێ دوا بخرێ، پێویسـتی بنیاتنانی شێوازێکی ڕێكو پێکی یەکگرتووی تواناکانی ئـەم هێزانـە بـە پێـی بەرنامەیـەکی نیشـتمانیو دیموکراسـی، خواسـتی سـەربەخۆیی عێراقییـەکان پیشاندەداو لە بنەڕەتدا بەرژەوەندیەکانی گەلو نیشـتمان ئـەوە دەخـوازن، هـەر ئەمەشە گەیشتنە ڕابەرایەتییەکی سیاسی مـەیدانیی کاریگـەر بـۆ ڕاپـەڕینی ئایندەی کۆمەڵانی خەڵك پەیدا دەکات کە نیشتمانپەروەرە بە شـەرەفەکانی نـاو هێزە چەکدارەکان پشتگیری بکەنو، هەر سەرکردایەتییەکی وایـە بتوانـێ ئـەو دروشمانە پیادە بکات کە بە قووڵـی بەرژەوەندیـەکانی گەلەکـەمان دەربـڕن لـە لابردنی گەمارۆی نێودەوڵـەتیو، دامـەزراندنی جێگرێکـی دیموکراسـیدا، ئـەو سەرکردایەتییە دەتوانێ هاوکاریو پشتگیریی نێودەوڵەتی، ماددیو مەعنەویو، ڕەسمـیو میللـی بخاتـە کـار، بـۆ لایـەنگیری گەلەکـەمانو زگـاربوونی لــە دیکتاتۆرییەت، تـا عـێراق ببێتـە هۆکـاری هاریکـاریو دۆسـتایەتی لەگـەڵ دراوسێکانداو، هاوکاری لەگەڵ خەباتی گـەلان لـە پێنـاو ئـازادیداو، ببێتـەوە پشتیوانێکی جێگیری ئاشتیو دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا.

- ڕێزو پێزانین بۆ هەموو ئەوانەی بە درێژایی ساڵانی تەمەنی درێژی حزبەکەیان لە بنیاتنانی حزبی شیوعییەکاندا بەشدارییان کردوە.

- سڵاوی مەزنیو گەورەیی بۆ شـەهیدانی حـزب، بـۆ سـەرکردە نـەمرەکانی فەهدو سەلام عادلو حازمو صارمو حەیدەریو ئەبو العیسو، حەسن عەوێنـەو، شاکر مەحمودو، عەلی بەرزنجیو، جەلال ئەوقاتیو ماجید محەمەد ئەمینو، فـازڵ بەیاتیو ئبراهیم کازمو، عەزیز حەمیدو مام کاوێسو خدر کاکیلو کازم تۆفانو نەزار ناجی یوسفو ڕێبەر عجیلو ئەبو فوئادو بە سەدانی تریش کە لـە پێنـاو گەلو مەسەلەی حزبدا ژیانی خۆیان بەختکرد.

- ڕێزو شانازی بۆ خێزانی شەهیدان.

- سڵاومان بۆ هاوڕێیانو لایەنگرانی حزبمان لە هەموو لایـەکی عـێراقداو لـە شارو لادێو بەندیخانەو گرتووخانەکانیدا) کە لەبن دەستی دیکتاتۆریدا بەگژیدا دەچنەوە.

سڵاو بۆ هاوڕێیانمان لە حزبی شیوعی کوردستان - عێراقدا کـە خـەمخۆری گـەلنو لەگـەڵ حزبـە کوردسـتانییە هاوپەیمانـەکاندا لــە پێنــاو ئاشــتیو ئاشتبوونەوەو بۆ پاراستنو پـەرەپێدانی ئەزموونـەکـەی کوردستانو، لـە پێنـاو بڕیاردانی فیدراڵی لە عێراقێکی دیموکراسی یەکگرتوودا خەبات دەکەن.

# کۆچڕەو بڕیاری 688 دوانەی ڕاپەڕین بوون

**ئومێد**

ڕاپــەڕینی ئــاداری 1991 گــەلی کوردســتان بــە تەنــها ڕابونێکی سەر پێیو هەڵچونێکی ڕەمـەکیو پەرچـە کردارێکـی سیاسییانەی بێ ئامـانج نـەبوو، بـەڵکو تـەوژمێکی گـەورەو هەژانێکی قوڵایی ناخی گەل بـوو لە بەرامبەر ڕژێمی دیکتـاتۆریو دژی مرۆیـی عــێراق هــەروەها ڕیفراندۆمو دەنگدانی میللـەتێك بـوو لــە دژی ئــەو ڕژێمــەی بەشێوەیەیکی ئاشکراو بێ پێـچو پـەنا سیاسـەتی لـە نـاوبردنو پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە دژی ئەو پیادە دەکرد هەر بۆیەش دەبینـین هەر گەورەیی ئەو ڕاپەڕینـە بـوو سەرەڕای کۆمـەڵێك هەڵـەو کـەمو کوڕی نارۆشنی بەرنامەو شیرازەی بـاری تـاکتیکیو دواتریـش شکسـتەکانیەکەی بـەڵام ئـەم ڕابونو داستانە مەزنـە بـە دوای خۆیـدا کۆمــەڵێك بەرهــەمی بـەنرخو دەسـتکەوتی سیاسـیو نەتەوەییو نیشتمانی گەورەی بـۆ گەلەکـەمان بـە دەسـت هێنـاو وەرچەرخانێکی چلۆنایەتیو پڕ لە شکۆداریشـی لـە ژیـانی ئـەم گەلـەدا هێنایـە ئاراوە، دیـارە دیارترین دەستکەوتی ڕاپەڕینیش کۆچڕەوی خـەڵکی کوردسـتانو دواتریــش دەرچوونــی بڕیــاری (688)ی ئەنجومـەنی ئەاسـایش بوو، دیارە کۆچڕەو ئەگەرچی لـە ڕووی ڕوخسـارو دەرەوە شکسـتی گـەلێکی ڕاپـەڕیوو جوڵانـەوەی ئازادیخوازەکەی بوو لە بەرامبـەر هێزی نابەزبەری دوژمنێکی هارو هـاج بـەڵام لـە ڕووی نـاوەڕۆكو واتـاوە هــەڵگری ڕەهــەندێکی مەزنی سیاسیو نەتـەوەیی بـوو، هەربۆیەش زۆرن ئـەو خەسـڵەتو مۆرکە جوانانە یەك ڕیزیو یـەك دەنگی گەلی کوردستان بـوو کـە لە دوا لە ڕاپەڕیندا نمایشی کردو لــە کۆچڕەویشــدا دووبــارە بەرجەســتەی کــردەوە دیــارە کۆچــڕەوی گەلەکـەمان ڕووداوە مەزنو تۆمارە مێژووییە بوو کـە وای (ســی بیبیــان)ی لــە ڕۆژنامەنووسی کرا کە بڵێت ئەوە بۆ یەکەمین جارە میللـەتێك لـە مێژوودا نیشتمانەکەی لـە تـرس دڕەندەیی دیکتاتۆریەت بـە جێ بهێڵێت. هـەروەها هـەر لوتکـەو گەورەیی ترسناکی ئـەم کۆچـڕەوە بـوو کـە وای لـە ئەنجومـەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد لە ژێر فشاری ئەم کۆچـە مێژووییـەداو لـە ژێـر ڕۆشـناییو داواکـاری نامەکـەی لـە (2 و 4) نیسـانی حکومـەتی تورکیـاو نامەکـەی کۆماری ئیسلامی ئـێران لـە (3 و5) نیســــانی (1991) ئەنجومـەنی ئاسـایش لـە (6) نیسـانی (1991)دا بڕیـاری (688) دەکرد. کە لە دوو تۆێـدا پاراسـتنی گـەلی کـورد لــە جینۆسایدو پێشێلکارییەکانی دژ بە مافی مرۆڤ دەخاتە ئەسـتۆی ئەنجومەنی ئاسـایش، کـە دواتـر بینیمـان هێڵـی (36) وەکـو ناوچەیـەکی ئـارامو کۆمـەڵێك دەسـتکەوتی تـری گرنگـی لێ کەوتـەوە، بـە هـەرحاڵ بڕیـاری (688) ئەگەر چی زۆر جار بـاس لە نـا ئیلزامـی بوونـی دەکرێت بـەڵام تاکـە بڕیـارو زەمانـەش پاراسـتنی ناوچـەی ئـارامو ئەزمـوونی هـەرێمی کوردستانو گەلەکەمانـە لـە زەبروزەنــگو دەسـت درێژییـەکانی ڕژێمـی عێراق.

هـەروەها لـەو کاتـەی ئـەم بڕیارە مێژووییە دەرچووە سەرەڕای کۆمـەڵێك کـەمو کـوڕی بـەڵام دەریچەیەكو پەنجەرەیەك بـوە بـۆ ئــەوەی ئەزموونــە یــانزە ساڵییەکەمان هەناسەی مانەوەو بە ئێوە وەستانی لێوە وەربگرێت، هەربۆیــەش ئــەمڕۆ ئــەرکی سەرشـانی کـوردو سـەرکرایەتی ئەزموونەکەیـــەتی کــــەوا بەشـێوەیەکی بـەردەوام کـارو کۆشش بکات بۆ جوڵانـەوەی ئـەم بڕیارەو هەوڵدان بۆ بـە ئیلزامـی کردنـی، دیــارە ئــەمڕۆش لــە کـاتێکدا یانزە ساڵ بـە سـەر دەرچوونـی ئـەم بڕیـارەدا تـێ دەپەڕێت ڕژێمی عێراق لە هەموو کـاتێك زیـاتر هەڵمـەتی بـە عــەرەبکردنو سیاســەتی پاکتـــاوکردنی ڕەگـــەزیو پەیڕەوکردنی جینۆساید لـە دژی گەلەکـەمان بـەکار دەهێنێـت بۆیەش دەکرێت کورد هەموو ئەم پێشــێلکاریو سیاســەتە سەرشێتانەی ئەم ڕژێمـە بکرێنـە کـارتو بەڵگەنامـە بـۆ زیـاتر ریسـواکردنی ڕژێـمو بـا دادگـایکردنی سـەرۆکەکەی، بـە هــەرحاڵ کۆچــڕەوی گــەلی کوردســـتانو بڕیـــاری (688)و سەرجەم بۆنەو یادەکـان دەکرێت بکرێنـە مایـەو دەسـتەبەرو سەرمەشقی ئەزموونی بە سـوود بۆ زیاتر هەوڵدان بـۆ ناساندنی کێشـەی ڕەوای گەلەکـەمانو بـەهێزکردنو ڕەگ داکوتـانی پایـەکانی ئـەزموونی هـەرێمی کوردستان.

# بەیاننامەی هاوبەشی حزبو لایەنە سیاسییە کوردستانیو عێراقییەکان بەبۆنەی ڕۆژی خاكو پشتگیری گەلی عەرەبی فەلەستین

ئەمڕۆ ڕێکەوتی ڕۆژی خاك، ڕۆژێکی گرنگـە لـە خەباتی گەلی فەلەسـتینی خـاك داگـیرکراودا. . ئێمـە، نوێنـەرانی حزبو لایەنـە سیاسـییەکانی ئـەم بەشـەی کوردستانی ئازاد، بـە نـاوی حزبـەکانمان و جـەماوەری کوردستانەوە پشتگیریی خۆمان لەگەڵی فەڵەستینی برا دەردەبڕین، لە ڕۆژی خاکدا، ئەو خاکەی پـتر لـە پـەنجا ساڵە لەلایەن زایونییەکانەوە و لەسـەر بـەڵێنی بلفـۆر داگیرکراوەو خوێنی ئەو گەلە تێکۆشەرەی لەسەر دەڕژێ. ڕۆژی خـاك لاپەڕەیـەکی خـەباتی گـەلی ڕاپـەڕیوو ئاشتیخوازی فەلەستینە کە بە ناڕەوا بە تیرۆریست نـاو دەبرێ، لــە کـاتێکدا گـەورەترین تـیرۆرو جینۆسـایدی بەرووردا پیادە دەکرێ.

هەر لە ڕاپەڕینەکەی ئەم دواییـەیدا بـە هـەزاران شەهید و دەیان هــەزار بریـنداری لــێ کـەوتووە، لـە کاتێکدا ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بــە بــەرد بــاران وەڵامـی گوللەو تۆپ و فڕۆکەی جەنگی دەدەنەوەو، بە بــەرچاوی دنیاوە ماڵیان بەسەردا دەروخێندرێو، زەوی و خانوویان لــێ داگیر دەکرێو ئاسایشـیـان تێکـدەدرێو بــە چـەك وەڵامـی داوای ئاشتیو چاری کێشە ڕەواکەیان دەدرێتەوە.

دەیانەوێ دەوڵەتی خۆیان لەسەر بەشـێکی خـاکی خۆیـان دابمـەزرێ و لەگـەڵ دەوڵـەتی ئیسـرائیلی بـە ئاشتیو دراوسێتی بژین، بەڵام تەنانەت ئەوەشـیان پـێ ڕەوا نابینرێ.

گەلی کوردستان ساڵەهای ساڵە پشتگیریی خەباتی ڕزگـاریخوازیی گـەلی فەلەسـتین دەکـات. بـە هــەموو شێوەکانی تێکۆشان لەگەڵ ئەم گەلە بووە و پشـتگیری خەباتـە سـەختەکەی کـردووە، لـەم بارەیــەوە دەیـان نموونەمان لەبەر دەستدایە، هەر لە ڕاگرتنی شەڕەوە لـە ساڵی 1967دا لەلایەن بـارزانی نـەمرەوە لـە دژی حکومـەتی ئـەو کاتـەی بـەغدا، لەسـەردەمی شـەڕی حوزەیراندا، تا دەگاتە هەڵگرتنی چەك لەلایەن سـەدان تێکۆشەری کوردی عێراقییەوە لە ڕیزی هێزی بـەرگری فەلەسـتینیدا لـە دژی داگیرکـەران، تـا مەزبەتـەو خۆپیشــاندان و پێیــوانو بەرزکردنــەوەی دروشــمو وتارنووسین و شێوەکانی تـری هاریکـاری و پشـتگیریی گەلی فەلەستینو ڕاپەڕینەکانی، بێ ئەوەی گوێ بدرێتـە هـەندێ دیمـەنی هەڵوێسـتی سـەلبی هـەندێ لایـەنی فەلەسـتینی دەرهـەق بـە بزاڤـی ڕزگـاریخوازیی گـەلی کوردستان.

بێگومـان گـەلی کوردسـتان هەڵوێسـتی بـاش و پشتگیریی هەندێ لە هێزو ڕێکخـراوە سـەرەکییەکانی فەلەستین لە یـاد ناکـات، کـە ڕاشکاونە هاوکـاریی خـەباتی چـەکداریو ئاشتیانەی گـەلی کوردسـتانیان کردو، دەبوو ئەم هەڵوێستەیان هەر بەردەوام بێ.

ئێمـە لـە ڕۆژی خـاکدا، بـە گـەرمی پشـتگیری گەلەکـەمان و حـزبو هــێزە نیشـتمانیو دیموکراسییەکانی لەگەڵ خەباتو ڕاپەڕینو داخوازییە ڕەواکانی گەلی فەلەستین دەردەبڕینو، لـە دژی هـەموو کارێکی تیرۆریستانەین کە دژی ئەم گەلە ستەمدیدەیە پەیڕەو دەکرێ.

لەو باوەڕەداین کە بەبێ چاری ئاشتیو ڕەوای گـەلی عەرەبی فەلەستین لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی سـەربەخۆی لەسـەر خـاکی نیشـتمانەکەی، نـاتوانرێ ئاشتی و ئاسایشێکی پایەداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بهێندرێتە دیو، دەوڵەتی ئیسرائیل ئاسایش بە خۆیەوە نابینێ. لەبەر ئەوە دەبێ بە ڕێگای چـاری ئاشتییانەی وتووێژ مافە ڕەواکانی ئەم گەلە و ئاسایشی دراوسێکانی دابین بکرێ، بە تایبـەتی لـەم ڕۆژانـەدا کـە کۆنگـرەی لوتکەی عەرەبی لە لبنـان تێـدا دەبەسـترێو، ئـەرکی هاوکاری کاریگەری ڕاپەڕینو دۆزینەوەی ڕێگـە چـارەی ئاشتیانەی کێشەی ڕەوای فەلەستین ڕووبەڕووی تـەواوی دەستەڵاتدارانی عەرەب بۆتەوە.

لەر ۆژی خاکدا سڵاو لـە خـەباتی ئازادیبیانـەی گـەلی عەرەبی فەلەستین.

سڵاو لە یادی هــەموو شـەهیدانی ڕێگـای هێنانـەدی ئامانجەکانی ئەم گەلە تێکۆشەرە.

سڵاو لـە تێکۆشـانی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلی کوردستان

سەرکەوتن هەر بۆ گەلانە

**حزبو لایەنە سیاسییەکان**

**هەولێر** 30 **ئاداری** 2002